# پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- بە شێوازی دانیشتنی چوارمشقی نوێژی دەکرد

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- بە شێوازی دانیشتنی چوارمشقی نوێژی دەکرد».
[صەحیحە] [نەسائی گێراویەتیەوە]

چوارمشقی: بریتیە لەوەی ژێر پێی چەپی بخاتە ژێر ڕانی ڕاستیەوە وژێر پێی ڕاستی بخاتە ژێر ڕانی چەپیەوە، و لەسەر سمتی دابنیشێت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم جۆرە دانیشتنەی ئەنجامدەدا کاتێک لەسەر ئەسپەکەی کەوت وقاپەڕەقەکانی تووشی ئازار بوو (لە جێچوو). ئەگەر نوێژخوێن نەیتوانی بە پێوە نوێژ بکات ئەوا سونەتە بە چوارمشقیەوە (بە دانیشتنەوە) نوێژ بکات، ئەمیش لە بەرامبەر حاڵەتی وەستانی ناو نوێژە، بەڵام لە حاڵەتی دانیشتن لە نێو دوو سوجدەکە ودانیشتنی بۆ هەردوو تەشەهودەکە (هەردوو تەحیاتەکە) ئەوا سونەتە بە شێوەی (إفتراش)* دابنشێت بۆ تەشەهودی (تەحیاتی) یەکەم وبە شێوەی (التورك)** دابنیشێت لە تەشەهودی (تەحیاتی) دووەمدا. هەموو ئەم شێوازانەی باسکرا سونەتە وباشترینە، ئەگەر پێچەوانەی ئەم شێوانەی پێشوو دابنیشێت ئەوا ڕێگەپێدراوە؛ چونکە داواکراو بریتیە لە: دانیشتن بۆ تەشەهود (تەحیات) وئەم شێوازانەی باسکرا پلەیەکی زیاترە لە واجب. *(إفتراش: واتە سمتی لای چەپی بخاتە سەر بنی پێی چەپی و لەسەری دابنیشێت وپێی ڕاستی بچەقێنێتە -بیوەستێنێتە- زەوی هەروەکو دانیشتن بۆ تەحیاتی یەکەمی نوێژی ئاسایی، شێوازی إفتراش لە نوێژی بەیانی ونوێژە سونەتەکان -دوو ڕکاتەکان- وتەحیاتی یەکەمی هەموو نوێژە فەرزەکان ئەنجامدەدرێت)، **(التورك: واتە پێی ڕاستی بچەقێنێتە -بیوەستێنێتە- سەر زەوی و پێی چەپی لە ژێر پێی ڕاستیەوە دەربکات ولە سەر سمتی لای چەپی دابنیشێت، شێوازی التورك لە کۆتا ڕکاتی هەموو نوێژە فەرزەکان ئەنجامدەدرێت جگە لە نوێژی بەیانی)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10929

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee